## بم بەخشە

لە ناو باخچەی ماڵەکەتا
من حەز ئەکەم گەڵایەک بم
لە شەوە زەنگی ژوورەکەتا
بهێڵە با چرایەک بم
بە بارانێک قبوڵم کە
تاکو پرچت بشۆمەوە
بهێڵە ببمە خەندەیەک
لە سەر لێوت بشنێمەوە
خۆزگە گوڵم لە پارکێکدا
ئێستا دار تویەک بومایە
بۆ پشوو دان ئەهاتی یە لام
منیش بۆت ئەبوم بە سایە





بۆچی ئەبێ منی عاشق
هێندە بسوتێم بۆ جوانیت
من مژدەی بەیانیم پێ یە و
تۆش لە ئێواران ئەڕوانیت
گەر لە ئەوینم ئەپرسی
وەرە ناخی ڕازەکانم هەڵدەرەوە
گەر لە تەنیاییم ئەپرسی
وەرە دەرگای ژووری
سارد و سڕم بکەرەوە
تۆ نە بەزەیی ئەناسی و
نە حەزیش ئەکەی بێتە لات
نە هەست بە سوتانم ئەکەی
نە ویژدان دادگاییت ئەکات
من هیچ گلەییت لێ ناکەم

بم بەخشە تۆ و گەورەیی خۆت
منێک لای تۆ مانام نەبێت
گریانم بەچی ئەچێ بۆت





## خەو ئەبینی

لە کەناری کام ڕووباردا
ئێستا سۆزت چرۆ ئەکا
لە فرمێسکی کام هەوردا
ئێستا ڕۆحت مەلە ئەکا
ئێستا گوڵی کامە باخچەی
کام ڕەنگت لە بەر کردووە
ئەو ڕەنگانەی لە من فێربوی
هیچیانت ون نەکردووە
ئێستا تریفەی کام مانگی
لە خەیاڵی کام ئاسمانی
ناز بە ئەستێرە ئەفرۆشی
یان وەک جاران میهرەبانی

دڵی پڕ ڕاز و گلەییت
سۆزاوی یە وەک دڵی من
یان ئێواران چاو ئەگێڕی
بۆ بینینی تارمایی من
خەو ئەبینی بە گوڵەوە
بیکەیتە دیاری ئەوینێ
ماچ ئەبینی لە سەر لێوت
لە تاوا خۆی بسوتێنێ
شیعر ئەبینی وەکو هی من
بێ ناز بێ ناز بۆ خۆی بگری
لە ئەستۆی تۆیە گوناهی
ئەو هەموو پیتە هەڵ بگری





## مەم گرێنە

بەم شەوە بۆ ئەمگرێنی
چاوم بە گریان نامۆیە
عەشقت لە سەر خاکی سینەم
وڵاتێکی سەر بە خۆیە
گوڵم بەم تاریکی شەوە
ملی کام ڕێگات گرتووە
کام ڕەشە با بێ پرسی من
دڵی ناسکتی بردووە
ئەوە چرای کام ناحەزە
لە چاوانتا داگیرساوە
ئەوە چەتری کام ئەوینە

که بۆ باڵات هەڵدراوە
با نزای شێتم نەتگرێ
مەمگرێنە لە خۆڕایی
با نەتکەمە چیرۆکێکی
سەراپا لە بێ وەفایی
وەرە هەر چی لەم ماڵەیە
هەمووی بەرە لە گەڵ خۆتا
ئاگات لێ یە چۆن ئەسرینم
دێتە خوارێ لە بەر پێتا
دڵۆپێ لەو ڕاز و سۆزەی
جارانت دابارێنە
بگەڕێوە تۆ و چاوی خۆت
لەوە زیاتر مەم گرێنە





## منیش فێرکە

لە چاوی مندا هەناسەم
هەر زۆر لە ڤینۆس جوانتری
لە باخی ئەوینی مندا
تۆ لە گوڵیش ناسکتری
پەپولە ئەو نازداری یەی
ئەزانم لە تۆ دزیوە
دڵنیام کە مانگی چواردەش
وەکو تۆ خۆی نەگۆڕیوە
بەفریش جاران سپی نەبوو
بە هێمنیش ناهاتە خوار
ئەو نازە لە تۆوە فێربوو
کە داباریێت بە لەنجە و لار

دەسا وەرە ئەی ڤینۆسم
ئەتکەمە چرای ماڵەکەم
منیش فێرکە تا هەموو ڕۆژ
تامی ئەو لێوانەت بکەم





## عەشق

عەشق بەفری وەرزێک نی یە
دوای چەند ڕۆژێک بتوێتەوە
وەرینی گوڵاڵە نییە
ساڵێکی تر بژێتەوە
هەتاو نی یە لە ئاسۆوە
سەر دەر بێنێ دەمەو بەیان
کانی نی یە تەنیا بەهار
چاوانی پڕ بێت لە گریان
پەپولە نی یە بە حەز خۆی
بفڕێتە سەر گوڵی ئاوات
عەشق نابێتە ئیلهامێک
لە شیعرێکدا شەو بێتە لات

نە خەزانە و نە پایزە
نە سروەیە و نە ڕەشەبا
گێژاوێکە ، خەیاڵێکە
هەموو عومرت بۆ خۆی ئەبا
درەختێکی ڕەگ ئەستورە
بە ناخی دڵدا ڕۆ ئەچێ
هەزار لق و پۆپی بشکێت
خەیاڵەکەی لێ تێک ناچێ
باڵای هێندە بەرزە ئەوین
لە ئاسمانە لە هەورایە
ئەوەی ڕۆژێ عاشق بوبێت
بە مەستی یەوە ئەڵێ وایە





## ئەوینی من

ئەوینی من دوا چرایە
گوڵم دایگیرسێنە لای خۆت
تا لە کاتی تەنیایدا
هێمن هێمن بسوتێ بۆت
ئەوینی من دوا شەقامە
دوا هەنگاو بنێ بە سەریا
تا لە کاتی تاریکیدا
مانگە شەو بکەی بە بەریا
ئەوینی من دوا خۆزگەیە
ئاهێکی بێ کۆتای یە
دەستەکانی بنێ سینەت
خەمی بێ ماڵئاوایی یە

## عاشقی شەو

بە مۆمم ووت تۆ لە شەودا
سەیرە بۆ خۆت ئەسوتێنی؟
ئازارێک لە ناختدایە
پێم بڵێ بۆ نایدرکێنی؟
من ئەزانم کە سوتانی
ئەو باڵایەت بێ هۆ نییە
فرمێسکی ئەو چاوانەی تۆ
سۆزێکی زۆر تەماوییە
بە بڕوای من تۆی نورانی
شەوان عاشقی کەسێکی
بە فرمێسکی چاوتا دیارە





کە تۆش گیرۆدەی خەمێکی
بە چاوی پڕ گریانەوە
چەند چرکەیەک هاتە وەڵام
وتی تۆ تا کەی تێناگەی
لەو فرمێسکانەی سەر گۆنام
من نە بۆ تۆی شاعیر ئەگریم
نە وەک تۆ تامەزرۆی خەوم
دوانزە کاژێر لە شەو دوورم
بۆیە ئەڵێم عاشقی شەوم

## هاوڕێ

لەو ڕۆژەوەی دڵم لاتە
تاکە هاوڕێی منیش شیعرە
ئەی هەناسەی شیعرەکانم
ئاخۆ تۆش منت لە بیرە





## ناسکترین گوڵ

هێشتا زووە جێم مەهێڵە
ئەی تروسکایی ژوورەکەم
ئیوارەی عەشقم نەدیوە
نازانم خەڵوەت هەڵبکەم
تاکو ئێستا پرشنگی ڕووت
چرکەیەک دانەبڕاوە لێم
بۆ کوێ بڕۆی وەک ئەستێرە
بە ئاسماندا لە گەڵتا دێم
تەمەن کورتە وەرەوە لام
ژیان پڕێتی لە جوانی
خۆت مەدەرە دەست قەدەری

کە پڕ بێت لە چاوەڕوانی
ئەی جوانترین تابلۆی خۆشەویستیم
دەستم بەریّ
ئەتکەمە ناسکترین گوڵ
تا هەتایە پەڕەیەکت هەڵنەوەریّ





## بێزار نابم

چاوەکەم گەر حەزی ماندووم
لە دەرگای دای تۆش ڕوی بەریّ
خۆ گوناه نی یە چرکەیەک
گوێی لیّ بگرە و مەیکە دەریّ
دڵەکەم دڵی پڕ لە سۆم
بۆچی هێندە ئازار ئەدەی
خۆ گوناه نی یە بپرسم
ئەم هەموو نازە هەتا کەی
گیانەکەم بە دەست خۆم نەبوو
کەوتمە دەریای ئەوینتەوە
خۆ گوناه نی یە دڵۆپێک

له ڕوانینم بخۆیته‌وه
هه‌ناسه‌كه‌م هه‌وری چاوم
ڕۆژێ بێ باران نه‌بوه
تارماییت بۆ چركه ساتێ
له پێش چاوم وون نه‌بوه
بزانی...یان بێ ئاگا... بیت
هه‌ر خۆشم ئه‌وێی ڕۆحه‌كه‌م
سه‌د هێنده‌ی تر لوت به‌رز بیت
له گلێنه‌م ده‌رت ناكه‌م
به شوێن هه‌نگاوه‌كانتا دێم
بێزار نابم له‌و ڕێگایه
ئه‌گه‌ر چی خۆ زۆر دڵنیام
ئه‌م حه‌زه‌ی من به‌دی نایا
له‌و دنیاش هه‌ر دێمه‌وه ڕێت





ئه‌م ئاوازه ئه‌ڵێمه‌وه
گوناهت ئه‌خه‌مه ئه‌ستۆی خۆم
زۆر له خوا ئه‌پارێمه‌وه
ئه‌ڵێم خوااااااایه تۆ و گه‌وره‌ییت
تاڵێک قژی نه‌شێوێنی
خواااااایه له چه‌قی دۆزه‌خدا
له جێی ئه‌و من بسوتێنی

## سەرابی عەشقێک

گلەیی لە کام ڕێگا کەم
کام قەدەر بکەم بە گژتا
کام ئەستێرەی بەخت بێنم
خەونێکمی تیا بدۆزمەوە
فرمێسکی کام چرا بێنم
بە دیاری یەوە منیش بگریم
کە تۆ
یەکەم ڕێگاو..یەکەم ئەستێرەو..چرام بوی
تۆ خەونێک بوی
هەموو کاتێک لە ئاسۆوە هەڵ ئەهاتی
بە نیازی ئاوابوون نەبوی





ئەم هەموو بێ ئومێدی یە
لە کوێ فێر بوی !؟
لە کێ فێر بوی !؟
کەی من جارێک
شێتانە تورە بومە لێت
تا هەست بکەی بێزارم لێت
کەی ڕازێکی پڕ تەم و مژم
لە دڵێکی پڕ حەسرەتا دەر بڕیوە
کەی فێرم کردووی ئێواران
ماڵئاوایی لە گوڵ بکەی
من هەر قژی خاو و
سۆمای پڕ لە سیحری
چاوتم پەرستووە
کە جێت هێشتم ماڵئاواییت

لە سێبەری عەشقیش نەکرد
ئەوسا زانیم.....کە تا ئێستا
من سەرابم خۆش ویستووە





## لە فرمێسکەکانم ئەچی

کە ئەتبینم وا هەست ئەکەم
ئەمڕۆ ژیان ڕازاوایە
لە پەری بەهەشت جوانتری
هێندە سیمات گەشاوەیە
لە ناسکی دا هەناسەم
لە بێ گەردی بەفر ئەچی
کاتێ نازت ئەبارێنی
لە فرمێسکەکانم ئەچی
من بزانم بەیانی یەک
لە گەڵ شەونمدا هاتویتە
هەتاو کاتێک تۆی بینیوە

له سه‌ر گه‌ڵایه‌ک نوستویته
که چاوانی تۆم لێ دیار بێ
ڤینۆس لای من مانای نی یه
گله‌یی له دڵت ناکه‌م
چاوت بۆ بێ به‌زه‌یی یه !؟
که‌س وه‌کو من بۆت ناسوتێت
که‌س نه‌گریاوه بۆ جوانیت
فرمێسکه‌کانیش بێنه جواب
بڕوا ناکه‌م پێ ی بزانیت
تاوانه له بیر کردنیان
ئه‌وه‌نده ئازارت داوم
ته‌مه‌نێکه ئه‌م چیرۆکه
منی نائومێد وه‌ستاوم
خوا ته‌نیا بۆ عه‌زابی من





ئه‌و جوانی یه‌ی داوه به تۆ
من نه‌فامم من مناڵم
که تامه‌زرۆم بۆ عه‌شقی تۆ

## یادگاری

هێندە یادگاری گریاوت
جێ هێشتووە لە ماڵەکەم
چونکە لە خۆت ئەچن گوڵم
لە تاوانا بۆنیان ئەکەم
ئەو یادگاریانەی لەلامە
وەکو چاوم پاراستوومە
دنیایەکن لە خۆشویستن
بۆیە لە ناویا وون بوومە
تاکو ئێستا دڵم نایا
لە بیریان کەم فڕێیان دەم
شەوان یەک یەک ئەیان هێنم





لە پرچی شیعرێکیان ئەدەم
بەڵام بە شیعرێک و بە دوان
بڕوا ناکەم کۆتایی بێ
خەون چۆن ئەکرێت بە شیعر
تا لە ڕەنگا وەکو تۆ بێ
خەندەی لێو و ناز وعیشوەت
هەرگیز پێم نانوسرێتەوە
قەت دیوتان ە هەتاو بڕوات
ئیتر خۆی بشارێتەوە
خۆ بەیانی گەڵا و گوڵ و دار و دەوەن
هەموو چاوەڕوانی ئەکەن
گەر چرکەیەک دوا بکەوێت
پرسە دا ئەنێن......شیوەن ئەکەن
بە نیازم بۆ تۆی هەتاو

هەموو وشەی دنیا ڕیز کەم
تا ئەبنە دیوانێ شیعر و
وەک یادگاری
پێشکەشی چاوەکانتی کەم





## مۆسیقا

ئێوارەیە و
دەنگ مۆسیقایەکی نامۆ
لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە
ئاوازەکەی
لە نۆتەی دەنگی تۆ ئەچێ
وەک دڵم ئەیخوێنێتەوە
یەکەم جارە دوای ڕۆیشتنت
ئاوازێکی وا ببیستم
با بزانی تاکو ئێستاش
هەر پێت ئەڵێم خۆشەویستم
ئەوینت تاکە ڕێگا بوو

کە من گرتمە بەر لە گەڵتا
ڕەنگە وەکو تۆزی نیشتوو
هەر مابێتم لە سەر دڵتا
من لە بیرمە کە سەرنجت
چۆن بوو بە تیر و پێکامی
بویتە مەشخەڵی ئەوینێک
لەو ڕۆژەوە هەر لە لامی
گوێ لەو مۆسیقایە ئەگرم
تاکو ئاوا ئەبێت ژینم
لە چاوتا تواوەتەوە
وەکو وایە تۆ ببینم





## شێتی یەک

من ئێواران تاکو درەنگ
وەکو بلێ ی مەست و وێڵم
لە گەڵ هەموو هەنگاوێکدا
خەونێکم ئەنێمە چاڵ و
بە پێکەنینەوە بە جێ ی دێڵم

## هەورێک لە سەری ساڵدا

ئەگەر ئێستا هەورێکی کاڵ
میوانی شار بوو تا شەوێ
ئەگەر ویستی ماچت بکا
زویر مەبە خۆشتی ئەوێ
ئەمرۆ چەتر مەبە دەرێ
لە گەڵ خۆتا تکا ئەکەم
تا بتوانم لە دوای چەند ساڵ
بۆ ساتێک باڵات تەڕ بکەم
چاوەڕوانی ئەو هەورە بە
لە تاریکی شەو مەترسە
یەکەم کلوە بەفری ئەمشەو





دیاری منە
بۆ ئەم شەوی کریسمسە

## مەحاڵە

چەند ساڵێکە بۆ دیداری چاوەکانت
لە سەر ڕێت ڕانەوەستاوم
کە فووت لە چرای عەشقم کرد
کوژامەوە ، چەند ساڵە دانەگیرساوم
خۆشم ئەویستی بە سەدان شەو

بە خەیاڵی تۆوە نوستووم
هەناسەکەم خۆ بیرت دێت
چۆن لە ئاسمانت ئاوا بووم
دڵم وەک جانتاکەی شانت
لە باڵات جیا نابوەوە
وەک پەرچەمت بێ شەرم بوو
لە ڕوخسارت نابوەوە
حەزم ئەکرد وەک هاوڕێکەت
توند توند بیگرم دەستەکانت
ببمە سایە لە سەر باڵای
هەموو حەز و خەونەکانت
حەسودیم بەوەشدا ئەهات
کە لە گەڵ خەڵکا ئەوەستای
لە ئاهم تێ ناگەیشتی





لە نزاکانم ناترسای
من گوڵم ئەباراند بە سەرتا
تۆ دڕکت لە ڕێگام ئەچاند
من هەر بارانی ئەوین بووم
تۆش بەفری خەمت ئەباراند
چەند جار هاتم دەرگای دڵم
بۆ ئەوینت دایە سەر پشت
چۆن دڵت هات ئەو سکاڵا
بێ زمانانەی منت کوشت
تێ ناگەم ئەمڕۆ هاتویتە
بێ شەرمانە ئەمدوێنی
ئەڵی ی لە بیرت چۆتەوە
بەو داخەوە بم خەوێنی
کەی هێندە میهرەبان بویتە

سۆزت لە ڕووم بکەیتەوە
مەحاڵە تازە بتوانی
باجی وەفای من بەیتەوە





## ڕاستگۆیی

کە دڵم دەرهێنا و دامە دەستی قەدەر
تا بۆت بێنیٚ
کە ڕۆحم کردە فریشتە
تاکو شەوان
لە جیاتی من بتخەوەێنیٚ
کە یەکەم نامەم بۆ ناردی و
دێڕەکانی سۆزاوی بوون
پڕ لە بۆن و لە ڕاستگۆیی و
لە سەمای خۆشەویستی بوون
کە شەوانە بۆ دیداریٚ
شەقام و شارم لە خەو ئەکرد

نه ئه‌هاتی له تاوانا
دره‌ختی ژوانم ماچ ئه‌کرد
ئه‌بوایه هه‌ر ئه‌و کاتانه
بمزانیایه
عه‌شق له لای تۆ مناڵه
مناڵێکی بێ زمانیش
هه‌موو شت له لای خه‌یاڵه





## گلێنه‌که‌م

من هیچ ده‌سه‌ڵاتم نی یه
له ئاستی ناسکی تۆدا
دڵیشم گومانی نی یه
له ده‌ریای ئه‌وینی تۆدا
به باڵاتا هه‌ڵی ئه‌واسم
هه‌موو حه‌ز و خه‌ونه‌کانم
پڕ به دڵ بۆ تۆ ئه‌سوتێن
گشت شیعره بێ نازه‌کانم
چه‌ند خۆشه من لای خۆمه‌وه
بتکه‌مه تابلۆی ماڵه‌که‌م
تۆ به ئازاره‌وه جوانی

قەت لە دڵما دەرت ناکەم
ئەگەر چی خەمی جوانی تۆ
بەفرێکە بە سەر سەرمەوە
قەت حەزناکەم بتوێیتەوە
تا ڕۆژێ دێیتە دڵمەوە
تا مردن ووشە ڕیز ئەکەم
ئاساییە نەگاتە لات
من کە هێندە عاشقت بم
ڕۆژێک هەر ئەیدەم لە باڵات
خەمت جوانترین دیاری یە
کە شەوان ئەگاتە لای من
هەرچەند دووربیت خۆشم ئەوێ ی
گلێنەکەی چاوی هێمن





(...........)

چەند لەم تەمەنە بێزارم
چەند حەز ئەکەم کۆتایی بێت
چەند تاڵە ئەم ژیانەی من
کە پڕ پڕ لە غەریبی بێت

## گوڵێکی شین

ئەو گوڵەی کە بۆم جێ هێشتوی
لێم مەپرسە بۆ شین پۆشە
زۆر لە ڕەنگی ئاسمان ئەچێ
ئاسمانیش دائیم خەم پۆشە
وا چەند ڕۆژە بۆم هێناوی
لە ماڵەوە بۆم داناوی
هێندە گریاوە چاوانی
وشک بوونە لە بێ ئاوی
کە من هێنام ڕەنگی شین بوو
ئەڵین ئێستا بووە بە زەرد
ئەو هەستە ناسکەی نەماوە





ئەڵێن دڵی بووە بە بەرد
تکا ئەکەم ئەگەر هاتیت
بە هێمنی دەستی بەرێ
چونکە نامۆیە بە چاوت
نەک پەڕەکانی هەڵوەرێ

## ون بوونی ئەستێرەیەك

نیگات تاکە ئەستێرە بوو
لە ئاسمان ئەدرەوشایەوە
هێندە شەرمن بوو شەوانێک
سۆزی لێ ئەچۆڕایەوە
دڵم ئەبوو بە باڵندە
شەوان بۆ لات هەڵئەفڕی
بەو پەنجە تامەزرۆیانەم
فرمێسکی گۆناتم ئەسڕی
وشەم ئەکرد بە ملوانکە
ئەمکردە ملت لە ئاسمان
دڵۆپ دڵۆپ ئەشکی چاوم





لە بەر پێت ئەکرد بە باران
کۆچەرێکی لانەواز بووی
دڵم بۆت ئەکرد بە لانە
ئەو پەنجە تامەزرۆیانەم
لە قژتا ئەکرد بە شانە
وەک پەلکە زێڕینەی بەهار
خەونەکانت ڕەنگا و ڕەنگ بوون
باڵات لە سنەوبەر ئەچوو
چرۆکانت هەر سەوز بوون
شەوێک وون بوو لە بەر چاوم
لە خۆڕاییی خۆی شاردەوە
ملوانکە و فرمێسکەکانمی
بە هەورێکدا بۆم ناردەوە
چەند ساڵێکە چاو ئەگێڕم

تەنیا شەوێک نایەتەوە
ئاسمانیش پرسەی داناوە
خەم لە دڵی نابێتەوە
هەر من ئەویندارى نەبووم
ئاسمانیش برینداریيەتی
هەر من بە هیوای دیدار نیم
ئاسمانیش چاوەڕوانیەتی





## سەربۆش

گوڵم بە بێ سەرپۆشەکەت
حەز ناکەم زۆر بێیتە دەرێ
نەکا هەتاو ڕقی لێت بێ
چۆڕێ لە جوانی یەکەت بەرێ
خۆ هەتاویش حەددی نی یە
بێ پرسی من بڕوانێ لێت
بەڵام ئەترسم تورە بێ و
تا درەنگێ ئاوا نەبێت

## زویر مەبە

بە نیگاتا بەو نازەتا
وەک من چاوت
بخوێنمەوە
تازە هاتووی بە نیازی
بێیتە ناو
گلێنەمەوە
من دەریایەک ئەشکی سوور و
خەمی دووریم
باراندووە
دەیان شەو بۆ جوانی کچێک
پێنوسەکەم





گریاندووە
تا ئێستاش غەرقی مەستیم و
دابڕان
بەری نەداوم
فریشتەش بێتە سەر ڕێگام
وەک ئەو نابێت
لە بەر چاوم
ئەو گوڵە بۆتە سەراب و
منی عاشق
لە دوی وێڵم
نامەوێت مەستی بەرمدا
زویر مەبە
جێت ئەهێڵم

# کەرکوک

ئەی کەرکوکم لە هەر کوێ بم
لە یادمای بیرت ئەکەم
خەمباری تۆم برِوا بکە
بەڵام دوورم چیت لێ بکەم
ناوەکەت هێندە پیرۆزە
وەک ملوانکە لە ملمایە
رِۆژی سەد جار ماچی ئەکەم
خۆشم ئەوێ لە دڵمایە
من لەم وڵاتە غەریبم
هەر بە یادی تۆ وە ماوم
بێنازیت لە بەرچاومایە





ئەی گلێنەی هەردوو چاوم
من رِۆڵەی بابە گورِگورِم
بۆیە بێ لانەی ووڵاتم
قوربانی خۆت و گرِت بم
هەزاران جار ئەی حەیاتم
هەر لە دەروازەی شارەوە
ئەمشەو سلاو لە باڵات بێ
بە هێمنی ئەمشەو هاتووم
هەتا رِۆحی من لە لات بێ
ئەمشەو ئەبمەوە زەردەشتی و
ئاگری ناخت ئەپەرستم
دەستی گەرِەکەکانت ئەگرم
چوون ئەمشەو بە تۆ وە مەستم
چۆن مەست نەبم ئەی شارەکەم

کەوا تۆم بە جێ هێشتووە
تاکو ئێستاش خاسە و قەڵام
وەکو چاوم خۆش ویستووە
کە جێم هێشتی بە گڕم ووت
تا ڕوناکی کات سەر سەرت
بە گشت کوردستانیشم ووت
تا کڕنۆش بێنن لە بەرت
من ئەو کوڕەم لە ئامێزی
گەرمی تۆدا گەورە بوومە
لێم ببورە ئەی شارەکەم
چەند ساڵێکە لێت وون بوومە
بەڵێن ئەدەم گەر هاتمەوە
وەک منداڵ لە باوەشت کەم
بە سۆزێکی عاشقانە



له فرمێسکەکانم ئەرجی

شەقام شەقامت ماچ بکەم
ئەی کەرکوکم تۆ ئازیزی
تۆ بوکی کوردستانمی
گریانم بیر چوو بۆوە
ئەمشەو یادت گریانمی

## ئەگەر جارێ

(گەڵا)

ئەگەر جارێ گەڵای دارێ
هەر بە گەنجی
ڕەنگی زەرد بوو...
لە باڵای دار کەوتە خوارێ
خۆری تەمەنی
ئاوا بوو...
کە سەیرت کرد پێ نەکەنی
بڵێی
بۆ لە خۆی بێزارە





وەرزی خەزان زۆری ماوە
بۆ وەریوە
بەم بەهارە
ئەو گەڵایە تەمەنی منە
بێزارە لەم ژینە
سەختە
هێندە دوور بووە لە باڵات
هەڵوەریوە
بەو ناوەختە

(کانی)

ئەگەر جارێ کانیت بینی

وشک بوو

ئاوی تیا نەما

ئاو لە چاوی هەڵنەقوڵا

بە ئومێدی

باران نەما

باڵندەیەک نەهاتە لای

تینوێتی

ڕێگای بشکێنێ

نەکەی بەردی تێ فرێدەی

بڵێ ی با جێگای

نەمێنێ

ئەوە هەردوو چاوی منە

ووشک بوونە

لە تاوانا





هێندە گریاون بە شەوان

لە سوێی

دووری و دابڕانا

(ئەستێرە)

ئەگەر جارێ ئەستێرەیەک

شەوقی نەما

لە ئاسماندا

ڕوناکی خۆی لێ شاردەوە

بە خۆڕایی

لە دنیادا

هاوڕێکانی بێ وەفا بوون

حاشایان
له ناسینی کرد
بۆ دۆزینەوەی ڕۆشنایی
لەو هەواره
ڕۆی باری کرد
ئەوە دڵنیابە گوڵم
ئەستێرەی منه و
نوستووه
بەختی منه له تاو کۆچت
وا سەری خۆی
هەڵگرتووه





( **بەفر** )

ئەگەر جارێ هەورێ بێگەرد
سۆزی خۆی ڕشت
بە سەر شارا
هێندە بەفری سپی باراند
له سەر سەرت بوو
بە تارا
نەکەی ڕقت له بەفر بێت
نەکەی دەست بۆ
سەرت بەری
شادی هەور نەشێوێنی
ئەو تارا سپی یە

لابەری

تاڵەکانی قژی منە

سپی بووە و

هەڵوەریوە

بۆتە ئەو بەفرە بێ گەردە و

بە سەر شاردا

داباریوە

(دڵ)

ئەگەر جارێ ئەم دڵەی من

بیر لە نیگات

نەکاتەوە

لەبەڵێنی پەشیمان بێت





جێی کەسێ تر

بکاتەوە

ئەوە نازانێت من چۆنم

بۆیە بە نیازی

گۆڕانە

یاخود من شەرمەزار ئەکات

وا دیارە زۆر

لای ئاسانە

دەری ئەهێنم گەر بزانم

بە لایە تردا

ڕۆیشتووە

دیارە دڵم زۆر بێ شەرمە

یان بە درۆ تۆی

خۆش ویستووە

## بێ گۆمان بە

دڵنیام فرمێسکی تۆیە
دڵۆپە شەونمی بەیان
من ئەزانم کە خەمبار بی
ئاسمانیش ئەکەیتە گریان
ئەی ئاسمانم بەو جوانی یەوە
گوناهە بگریت بە بێ هۆ
ئارام بگرە و دڵنیابە هەناسەکەم
من زۆر تەنیا ترم لە تۆ
بێگومان بە بۆ ساتێکیش
هەر دێمەوە و ئەتبینمەوە
ئەو شەونمانەی سەر گۆنات





بە پەنجەی خۆم ئەسڕمەوە

## تێ ناگەم !

تێ ناگەم بۆ دڵی شەیدام
شێتانە لکا پێتەوە
سۆێندی خواردووە تا ئەبەد
لە ڕۆحت جیا نە بێتەوە
وا هەست ئەکەم دڵم تازە
خەریکە منداڵ بێتەوە

دەستت مەنێ بە ڕوویەوە
نەکا وڕک بگرێتەوە
بە ڕوخساری زۆر کەسەوە
زۆر جاری تر عاشق بووە
بەڵام دوایی بە ناچاری
ژیر بۆتەوە و بیری چووە
تکا ئەکەم گەر ئەزانیت
وەکو ئەوان ئاوا ئەبیت
گەر هەورێکی بێ بەز هیت
ئەزانی بێ باران ئەبیت
مەیە سەر ڕێم مەڕوانە لێم
نەک دڵم جێگات کاتەوە
دوایی بۆ کوێی بەرم دڵم
کاتێ خەیاڵ ئەیباتەوە





## ئارەزوو

ناخی هەموو حەزەکانت
ئارەزوویەکی سەر شێتە
دڵنیام کە خۆشت ئەوێم
کەچی ئەڵێی ڕقم لێتە

## شیعرێکی گریاو

دێڕێ شیعرم لە خەیاڵ بوو
دیار بوو فرمێسکی هەڵ ئەڕشت
بۆ بێ نازی خۆی ئەگریا
بۆیە لە داخانا خۆی کوشت
ئەگەر شیعرێک لە ناخمدا
بە گریاوی لە دایک بێ
ئەو ئەسرینانەی سەر گۆنای
ئێوە بڵێن ئەبێ چۆن بێ
چاوانی هەڵ نەهێناوە
بەرگی ڕەشی لە بەردایە
لە کۆرپەی ناخی من ئەچی





وا هەست ئەکا بە تەنیایە
هەرگیز لەو جۆرە شیعرانە
نانوسم با هەر لە بارچێ
پێنوسەکەم حەددی نییە
شیعرێك بنوسێ و لە تۆ نەچێ

## تەمەن و عەشق

ئەگەر چی ئێستا تەمەنم
بەرەو ئێوارە ڕێ ئەکا
بە ئارامی وردە بەفر
بە سەر پرچمدا دا ئەکا
چاوم کز و باڵام چەمیو
دڵی پڕ خۆزگەشم شکاو
هەناسەم سارد پەنجەم لەرزیو
فرمێسکی گۆناش بە لێشاو
وەرزم بە تەنیا پایزە و
گەڵای زەردیش وەک خۆڵ وایە
لە ژێر دارێکدا دانیشتووم





بێ سێبەر و بێ گەڵایە
لە دڵمایە ئەلبومێکی
پڕ یادگاری و خۆشەویستی
ڕۆژگار بە سەرما سەپاندی
بێ باکانە ئەوەی ویستی
نە ئیلهام یەخەم پێ ئەگرێ و
نە شیعر ئەبێتە میوانم
پێنوسیش لوت بەرز بووە
ڕوو ناکاتە دیوەخانم
لێوم ووشک و بێ بارانە
پێکەنین هەر تۆراوە لێم
چرایەکی بێ ڕوناکیم
هێدی هێدی کز ئەسوتێم
بەڵام ئێستاش وا هەست ئەکەم

چۆڕی ئەوین له ناخمایه

دڵنیام که له گۆڕیشدا

تیشکی عەشق دوایی نایا





## ئاڵای ماڵ ئاوایی

ئەمشەو هاتووم ئاڵایەکت

له یادگاری بۆ دروست کەم

وەک ماڵئاوا

له نیشتیمان....له چاوی تۆ

به بێ نازی هەڵی بکەم

ئاڵایەک ڕەنگی ماتەم و

نامۆیی خۆمی تیادا بێ

باخێک له خەونی وەریو و

فرمێسکی کۆچی تیادا بێ

پێنوسە گریاوەکەشم

وەک مەشخەڵ ئەنێمە سەری

دێڕێ شیعری بۆ ئەنوسم
تاکو ببێ بە سێبەری
چۆن ئەو ئاڵایەت بۆ بێنم
هەرچەند ئەکەم دڵم نایە
ئەترسم وا لێم تێ بگەی
خۆشەویستت بێ وەفایە
نا...گوڵم....نا
بڕوا بکە تۆ بەشێکی لە نیشتیمان
دڵی بەسۆم ڕێگەم نادا
چاوانت پڕ کەم لە گریان
سبەی چاوەڕوانم مەکە
لە ژواندا وەکو دوێنێ
نەکا هەورێ باڵندەیەک
ئەم هەواڵەت بۆ بهێنێ





بۆ ژێر درەختەکەی جاران
هەناسەکەم ئەگەر هاتی
تکا ئەکەم لێ ی مەپرسە
بۆ ڕەنگ زەردی و بۆ وا ماتی
چونکە ئەمشەو بە بێ دەنگی
چوومە لایی و پێم وتوە
تەنیا ئەو بۆ خۆی ئەزانێ
چەند فرمێسکم هەڵڕشتووە
گوڵم کە چووی لێی وەرگرە
ئاڵاکەم داناوە لای ئەو
وتەی شیرین و پێکەنین
گشت بونەتە خەیاڵ و خەو
ماڵئاوایی ئەوینداران
ئەمڕۆ بۆتە ئەو ئاڵایە

گوڵم من چی بکەم کە ئەوین
لەم نیشتیمانەی من وایە

## دڵم ڕێگا نادا

ڕێبوارێکی زۆر داماوم
زەلیل بوومە بە دەستەوە
تۆ بێ ئاگای یان ناز ئەکەی
بەو هەموو ڕاز و هەستەوە
بە ئاشکرا دڵم نایا





لێت بڕوانم بە سەرسامی
هێندە جوانی لە چاوانما
وا هەست ئەکەم
کە تۆ جوانترین پەیامی
ئەوەندە ناز مەبارێنە هەناسەکەم
کاتێ بۆ ماڵ ئەڕۆیتەوە
دوای وونبونت
چاوم هەموی بە ئەسرین ئەنوسێتەوە
چەند شاد ئەبم
کە ئەیبینم بەو جوانی یەوە
دەر ئەکەوێ
نازانم بە چ زمانێک
پێ ی بڵێم کە خۆشم ئەوێ
چوون ئەترسم وەک ئەوەی تر

دوای دوو ڕۆژ  ماڵئاوایی کا
هەرچەندە  عاشق  بێت  دڵم
بەڵام  هەرگیز  قبوڵ  ناکا
ئەو ئەوینەی تر لە بیر کا





# فرمێسکی جەژن

دیسان جەژنە و دڵی نامۆم
هەر زۆر لە پار تەنیا ترە
هەوار و ماڵی بێ تۆییم
هەر زۆر لە پار وێران ترە
شەقام و پارکی ئەم شارە
هەموویم بێزار کردووە
لێشم ناپرسن تا بڵێم
تۆی  فریشتەم وون کردووە
بە بێ پرسی هەور چاوم
دێتە خوار لێزمەی بارانی
هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا

چاوانم ئەبن بە کانی
ئەتکێنە سەر ڕۆحی یادێک
هەموو دڵۆپە ئەسرینێ
یادەکە چرۆ دەر ئەکا و
وەکو جاران
چاوەکانم تۆ ئەبینێ
ئیتر سیمات تا ئێوارە
بە بەردەمما ئەڕوات و دێ
لەولاشەوە شەشەم مۆمی
دوا دیدارم بۆت ئەسوتێ
کە یادەکان ئەوەرێن و
مۆمی تەمەن ئەکوژێتەوە
ئەوسا پەنجەم بە بێ دەنگی
دوا فرمێسکم ئەسڕیتەوە



لە فرمێسکەکانم ئەچی

## هەر لە چاومای

ئێستاش گوڵم هەر لە چاومای
ئەگەر چی هەر زۆر دووری لێم
دڵم وەک دەریا گەورەیە
کەی بێیتەوە لێت ئەبورێم
خۆم و ژوورە تاقانەکەم
تەنیاین وەکو پێش ناسینت
سەر لەو کۆچەی تۆ دەرناکەین
زۆری مابوو ئاوابونت
ئەوەی ماوە لەم ژوورەدا
جانتا و قەڵەم لێوەکەتە
بۆ فرمێسکێکی بەزەییت

نەڕشت بە سەر جانتاکەتا
ئاوێنەی ژوورەکەم شکاند
چونکە ئیتر تۆ نابینیێ
کورسی باخچەکەشم بەخشی
دام بە تازە مەم و زینێ
خۆزگە پرچت بە جێ ئەما
خۆزگە لە گەڵ خۆتا ناتبرد
هەر هیچ نەبێ پەنجەکانم
ئێستا غەریبیتیان ناکرد
جانتاکەت پڕ فرمێسک ئەکەم
سبەی بۆتی ئەنێرمەوە
ئەبمە هاوڕێ ی چراکەم و
شەوانە بۆت ئەتوێمەوە





# چۆن بزانم

گەڵای عەشقێک کە هەڵوەری
زۆر ئەستەمە بژێتەوە
بەهارێک کە سەفەری کرد
بە گریان ناگەڕێتەوە
ئەو تەمەنە پڕ جوانی یە
ئەو هەناسە شیرینانە
من و ئەو هەموو ڕوانینە
تۆ و ئەو دڵە پڕ تاوانە
من منداڵێکی بێ گەرد بووم
کە بێ ناز ئەهاتمە سەر ڕێت
من عاشقێکی داماو بووم

کەچی تۆ پێت ئەوتم شێت
زۆر کراسی شیعرم بۆ هێنای
دڕاندت و نەتکردە بەر
زۆر تاجی زێڕینم هێنا
شکاندت و نەتکردە سەر
زۆر بەیانیان چاوەڕێت بووم
سڵاوێکی چاوتم نەدی
لە تاوانا پڕ پڕ ئەبووم
لە گریانی بێ ئومێدی
زۆر ملوانکەم لە فرمێسک
بۆت دروست کرد وەکو خۆت جوان
زۆر ئێواران بۆ چاوی تۆ
ژوورەکەم ئەخستە گریان
ئێستاش چاوم خۆشی ئەوێی





دڵم ناهێڵێ بۆ لات بێت
ئەوەندە ئازارت داوە
چۆن پێی بڵێم لێت ببورێت
چۆن بزانم گریاوی بۆم
کوا فرمێسکێک گەواهی بات
تا ئەم دڵە بچکۆلەیەم
جارێکی تر بێتەوە لات

## کارتێکی ڕەش

یەکەم کارتی خۆشەویستیم
کراسی ڕەشی لە بەردا بوو
بەڵام دیار بوو چارەنوسم
لە گەڵ تۆدا
تاریکی هەڵبژارد بوو
هەتا دوێنێ شەویش لام بوو
ئەو کارتە ڕەشەی کە کڕیم
زۆر زۆر بە دیاری یەوە دامام
لە تاوانا ئێستا دڕیم
کە خۆت وون بیت لە بەر چاوم
ڕەنگ و ڕوخسارت نەمێنێ





کارتێکی ئاودامانی ڕەش
بۆ پێم ناڵێ ی بۆ بمێنێ

## چەند دیاری یەك

ئاسمان یەک چەپکە ئەستێرەی
داناوە بیبەخشێ بە تۆ
هەتاو تیشکی زێڕینی خۆی
داناوە بینێرێ بۆ تۆ
بەهار چلە نێرگزێکی

کردە دیاری تا بۆنی کەی
دوو گوڵاڵەشی ناردووە
تا لێوەکانتی پێ سوور کەی
درەختێکیش بۆتە هاوڕێم
گەڵایە سەوزی بۆت ناردووە
ئەزانێ پایز زەرد ئەبێ
هەموو گەڵاکانی
تەنیا ئەو گەڵایە نەبێ
کەوا بە تۆی سپاردووە
بولبول کاسێتێکی تازەی دەرکردوە
هەر باسی تۆی تیا کردوە
خۆی بە شەرمەزار ئەزانێ
لەبەر ئەوەی
بەیانی یەک چاوانتی لە خەو کردوە





پێنوسەکەم وەسیەتی کرد
ئەمشەو
هەموو خوێنی دڵم پێشکەشی بێ
بیکە شیعر و بینێرە بۆی
بەڵام وا هەست ئەکەم کەم بێ
خۆشم تەنیا خۆشەویستیم هەیە
بینێرم بۆت
ئیتر هیچت بۆ نانێرین
نەک لە خۆبایی بیت لە خۆی

# ڤالانتاین

ئه‌مرۆ ڕۆژی ڤالانتاینه
تازه که‌وتۆته‌وه بیرم
ده‌ستم ناتگاتێ و لێت دوورم
گوڵێ سوورت بۆ بنێرم
گوڵێکی چی هه‌زار گوڵی
ڕه‌نگا و ڕه‌نگم بۆ ئه‌هێنای
دڵێکی شوشه شک ئه‌به‌م
ده‌رم ئه‌هێنا و پێم ئه‌دای
له‌م ڕۆژی ڤالانتاینه‌دا
دڵمت بۆ ئه‌که‌م به دیاری
بۆیه گوڵت بۆ نانێرم





چوون خۆت هه‌میشه به‌هاری
چه‌ند فرمێسکێکی خوێناوی
وه‌ک شه‌ونم ئه‌نێمه سه‌ری
جوتێک ماچی خۆشه‌ویستی
ئاودامان ئه‌که‌مه به‌ری
خۆت ئه‌زانی دوورم گوڵم
نازانم چۆن بۆت بنێرم
شه‌رمه‌زاری لای هه‌وریشم
مه‌گه‌ر هه‌ر ئه‌و ڕاسپێرم
چه‌ند بێ گه‌رده چه‌ند ڕۆح سوکه
هه‌ناسه‌م ئه‌و په‌ڵه هه‌وره
یارم چاوه‌ڕێی دیاری یه
ئه‌م ڤالانتاینه‌ش بۆم به‌ره

## نیگا

ئەوەی جارێک پێ ی نەزانی
پێکی عەشق بخواتەوە
دڵنیام کە هەموو شەوێک
بە مەستی خەو ئەیباتەوە
تاکو گزنگ لە لایەتی
یادی برۆ و پەچەم و چاو
زەردەخەنە و نیگای یاری
لە ژوورەکەی ئەبنە هەتاو
دەست ئەکاتە ملی هەتاو
ئەڵێ مەڕۆ خۆشتم ئەوێ
خەڵکی هەموو ئەچنە سەر کار





ئەویش لە ماڵ بەو یادەوە
تەنیا خەوی لێ ئەکەوێ

## خەیاڵ

شەوان کام ئەستێرە جوانە
بە بێ دەنگی لێ ی ئەڕوانم
بە خەیاڵ ئەچمە ئامێزی
خەمی تۆش ئەنێمە شانم
سۆز و وەفا و ئەوینی تۆ
بە باڵایدا ئەبارێنم

هەستی منالْ ئەبێتەوە
لە گەلْ خۆمدا ئەیگرێنم
فرمێسکی ئەو ڕەنگاو رەنگە
وەک فرمێسکی من سوور نی یە
ئەو یارەکەی لە پالْیایە
وەک عاشقەکەی من دوور نی یە
بێ گولْەکەی تەنیا ساتێک
ئۆقرە ناگرێ بە تەنیایی
دووری و غەریبی نازانێ
قەت لێی ناکا مالْئاوایی
وا بزانم بۆ دلْی من
ئەو فرمێسکانەی داباراند
نەفرەتم لەو خەیالْەم کرد
خەوی ئەستێرەشم زڕاند
فرمێسکەکانی خۆم و ئەو
ئەمشەو بۆت ئەکەمە شیعرێ
چونکە خۆم دەستم ناتگاتێ





ئەیدەمە ئەو بۆت بنێرێ

## مالْئاوا.... (دوعا)

بێ مالْئاوایی بۆ ڕۆشتی
ئەم سەفەرەت بەرەو کوێ یە
ئەو هەوارەی تۆ بۆی ئەڕۆی
کوانێ خۆشەویستی لێ یە
چۆن ئەبێ گەلْا هەلْوەرێ
لەم وەرزی گولْبارانەدا
چۆن ئەبێ ئەوین بکوژرێ
لەم نێو شارە وێرانەدا
کوا خاچ ماوە کچۆلْەی جوان

تاكو هەڵتواسن بە باڵ
دەست و پێ بەستان نەماوە
بە زیندووی بتخەنە چاڵ
ئەی خۆ تۆ خزمی شەیتان نیت
بە بەرد و دار ڕەجمت بكەن
خۆ تۆ لە پەپولە ئەچی
بۆ باڵەكانت دەر ئەكەن
لە جیاتی تارای بوكێنی
بەرد ئەكێشن بە سەرتدا
فریشتەیەك كراسی خۆی
جوان جوان ئەكا بە بەرتدا
ئیتر قەڵەم لێوت ناوێت
تۆ باڵات گشت سوور كراوە
ئیتر شانەی قژت ناوێت





تۆ هەموو باڵات ژاكاوە
ئیتر پەنجەت پێنوس ناگرێت
بۆ یارت بنوسی نامە
ئەزانم بیریشت چوو بوو
بڵێی دوا دیدارە ئەمە
ئیتر هەرگیز پێناكەنی
بە ناز چاوت هەڵناهێنی
بە شەرمەوە خۆشەویستیت
لە دوورەوە نادركێنی
سۆزی دایە و سۆزی بابە
ئەمڕۆ لە دڕندە ئەچێ
دڵنیام چی فریشتەیە
لە گەڵتا ڕۆحیان دەر ئەچێ
گوناهە تۆی پڕ لە جوانی

ناوت لێ بنێن تاوانبار
چاوەڕوانی مەرگی تۆبن
هەموو بێ ویژدانانی شار
تۆ زۆر لەوە ناسکتر بووی
بتکەنە قوربانی ..دوعا...
بە چاوی پڕ گریانەوە
ناچارم بڵێم ماڵئاوا
ماڵئاوا فریشتەی عەشق و
ڤینۆسی ناو کوردەواری
حەقە ئیتر گشت عاشقان
بە تۆ سوێند خۆن بۆ دڵداری





## شنەیەک

هەزار خۆزگەم بەو شنەیەی
کاتێک پرچت شانە ئەکا
لە ناو شەپۆلی قژتدا
بە بێ دەنگی سەما ئەکا
چەند خۆشە گەر ئێوارەیەک
میوانت بم وەکو شەماڵ
گلێنەی چاومت بۆ دەرکەم
لە سەر گۆنات بیکەمە خاڵ
بە شنەی تاساومەوە
گەر چرکەیەک ئەهاتمە لات
بە گڤە بیزارتم ناکرد

گۆرانیم ئەوت بۆ بالّات
ئەلێم گولّم تکا ئەکەم
ئیتر فرمێسک مەڕێژە
شەمالّ ڕۆحمی بۆ هێناوی
له دلّی خۆتا بینێژە





## فرمێسکێك

مشتێ ووشەی مالّئاوایی و
خەیالّاویم بۆداناوی
له گەلّ دلّێکی پڕ خەم و
جوتێ چاوی گریاناوی
دەیان فرمێسکی پڕ حەسرەت
له سەر گۆنام ڕاوەستاوە
چاو بۆو ئەوینە ئەگێڕن
کە تا دوێنێ میوانم بوو
ئەمڕۆ وون بووەو نەماوە
له فرمێسکێک ورد بوومەوە
وێنەیەکی تۆی تیادا بوو

ئەو فرمێسکە هی دوێنێ بوو

کە لێرە بووی

تا ئێستا لە چاوما مابوو

ئەبوایە دوێنێ پێش کۆچت

ئەو فرمێسکە داباریایە

تا بتکایەتە سەر برچت و

بیسەلمێنێ بە وەفایە





## ساقی

ساقی مردم هێندە سەیری

دەست و پیاڵەی جوانت بکەم

شەرتە ئەمشەو لە داخی تۆ

خیام ئاسا خۆم مەست بکەم

چەند شۆخە بەو بادەیەوە

بە بەردەمما ئەڕوات و دێت

لەم بارەدا کەسێک نی یە

ئەمشەو مەستی چاوت نەبێت

تازە هاتووی بەخێرهاتی

بەو لەنجە و نازەتا دیارە

زویر مەبە لە ڕوانینم

مه‌ڵێ بۆ وا گرفتاره
بێ ده‌نگ وه‌ره به دزی یه‌وه
پێکێکی ترم بده‌رێ
به ناز چاوت هه‌ڵمه‌هێنه
نه‌کا خه‌یاڵم هه‌ڵوه‌رێ
له خه‌یاڵما حه‌زم لێ یه
هێدی هێدی بێیته ناو پێکه‌که‌مه‌وه
به نیازم پێش مه‌ست بونم
له دوا پێکدا بتخۆمه‌وه
خه‌ریکه خه‌یاڵ به‌رم ئه‌دا
چونکه پێکه‌که‌م به‌تاڵه
لام شیرینه به ده‌ستی تۆ
خه‌م بۆ ئه‌وه نه‌خۆی تاڵه
هێنده‌ش له خۆت بایی مه‌به





بڵێ ی بۆ وا مه‌ستی منه
من به مه‌ستی هاتمه ژوورێ
دڵم له شوێنێ تر وونه
هاتم لێره ووتم به‌ڵکو
له پێکێکدا بیدۆزمه‌وه
دڵنیاشم وه‌ک دوێنێ شه‌و
به بێ نازی ئه‌ڕۆمه‌وه
به‌ڵام ساقی وا تێ نه‌گه‌ی
ڕۆحم له ژێر پێت ده‌ر ئه‌چێ
ته‌نیا بۆیه لێت ئه‌ڕوانم
چونکه شێوه‌ت له (ئه‌و) ئه‌چێ

## جیرۆکی دوو گوڵ

درەنگ هاتیت هەناسەکەم
بۆ جیژوانی ئەم ئەوینە
شەرم ئەکەم کە پێت بلێم
من لە دڵتا دەر بهێنە
تۆ گوڵێکی درەنگ وەختیت
من وەرزی گوڵم بە سەر چووە
تۆ لە ئاسۆ وە پێ ئەکەنی
منیش خۆرم ئاوا بووە
فریشتەیەک دڵی بردووم
ناتوانم لێ ی بسێنمەوە
سروودی عەشقی فێر کردووم





هەموو ساتێک ئەیلێمەوە
ئێستا دڵم لای خۆم نی یە
بڕواش ناکەم بم داتەوە
بە دیار تارمایی منەوە
شەوانە ڕۆژ ئەکاتەوە
ئێستاش هێندە میهرەبانە
لە بێ وەفاییم ناترسێ
بە خەمەکانی یەوە جوانم
کە بە ڕۆحما هەڵی ئەواسێ
تۆش هاتووی بەم ئێوارەیە
ڕێگای عەشقت لێم گرتووە
بەو هەموو هەستە ناسکەوە
ئەزانم ڕێت وون کردووە
ئەو خەونە چاو کاڵانەی تۆ

ئەو خەونە گوڵاویانەی تۆ
من زۆر لەوە بچوکترم
بتوانم بیگرمە ئەستۆ
ڕاستە ئێستاکە بێ دەنگە
ڕۆحیانەتەکەی لای تۆیە
چۆن بتوانم کە پێت بڵێم
ئەوین سەراپا درۆیە
لە نێوان دوو ئەستێرەدا
ئێستاکە بێ ئومێد ماوم
وا بە دیار دوو دێڕ شیعرەوە
قوڵپی گریان دێت لە چاوم
بە ناچاری بە تۆ ئەڵێم
ببورە چاوەڕێ ی ئەوم
چوون ئەترسم دڵم بەم بە تۆ و





ئەویش شەوێک بێتە خەوم

## وشە

وشە بە پێنوسەکەمدا
دێنە خوارێ بۆ نامۆییم
ئەبنە شیعر و دا ئەگیرسێن
لە ژووری سارد و بێ تۆییم
سەیرە بۆ وا هەموو شەوێک
دێنە لام و ئەگرێن بۆم

له ووشه یان له جوانی تۆ
نازانم خەم بۆ کامیان خۆم
جارێ باسی نیگا و لێو و
شەنگ و شۆخی باڵات ئەکەن
جارێ باسی خەمی دووری و
تەنیایی ماڵەکەم ئەکەن
باسی بێ وەفاییت ناکەن
چونکه من تۆم جێ هێشتووه
بۆیه به پێکەنین نامۆن
ڕەنگی من و ماڵەکەمیان لێ نیشتووه
که هاتمەوه
ئەو هەموو ووشه خەمباره
ئەکەمه دیارییەکی جوان
تا لەبیریان بچێتەوه





شەوانی دووری و دابڕان

## سۆز

سۆزم بۆ تۆ کانی یەکه
هەمیشه چاو به گریانه
گوڵێکه هەر له خۆت ئەچێ
وەکو چاوەکانت جوانه

شەماڵێکی ئێوارەیە
هێدی هێدی بەرو لات دێ
لە تاڵی قژت ئەئاڵێ
ناتوانێ دەست بەردارت بێ
هەتاوی دەم بە خەندەیە
کە ئەتبینێ ماچت ئەکا
گەرمە وەکو یەکەم نیگات
تیر تیر لە باوەشت ئەکا
فریشتەیەکی سپی یە
ئەگەر شەوێ هاتە ژووری
بە دزی چاوانتی ماچ کرد
تکا ئەکەم لێ ی ببوری
کۆترێکی لانەوازم
هەناسەکەم بمگرە خۆت





لەم تەنیایی و غوربەتەدا
وەرە دڵم بەرە بۆ خۆت
وەرە لە ماڵی دڵمدا
تەنیا مۆمێک داگیرسێنە
سۆز و خۆشەویستی چاوت
لەم ئاسمانە ببارێنە
هاتووم تا لە جێ ی چەترەکەت
نەهێڵم باران تەڕت کا
ئەبمە هەورێک لە هاویندا
نایەڵم هەتاو سەیرت کا
هەرچی ناسکی گوڵ هەیە
تۆ هەمووت لێیان دزیوە
ئەگەر ئێستا گەیشتە لات
ئەم شیعرەی من

وەری گرە
لە ناخمەوە
هەڵفڕیوە

## خوا نەناسێك

ئێوارە بوو بە بێ دەنگی
هەنگاوم ئەنا بۆ دەرێ
خۆم تکام لە ڕۆژگار ئەکرد





تا ورد ورد تەمەنم بەرێ
تاریکی دڵی تەنی بووم
تفم ئەکرد لە بەختی خۆم
دار و بەرد و شەقامەکان
هەموو گریانیان ئەهات بۆم
ئاسمانی ئەوینم سارد و
سەرم بەفری لێ نیشتبوو
بیرم لای ئە ڕۆژانە بوو
کە شۆخێکم خۆشویستبوو
من بە شوێنی ئەودا وێڵ بووم
چاوم گڕ ئەداو ئەگەڕام
گوڵێکم دی مەستی کردم
لە خەیاڵی زوو دابڕام
هێندە ڕوانیم لە تاوانا

بە چاوانما هاتنە خوار ئاو
حەیف لە دڵما گرێ بوو
نەمتوانی پێی بڵێم سڵاو
هەرچەند ئەکەم ئەو باڵایەی
دڵم نایا بکەم باسی
بەڵام هەرچۆنێ بێت پێم ووت
ئەرێ کچێ خوا ئەناسی
گەر سۆزی خوا لە دڵتایە
پێم بڵێ بێ سوچ و پەنا
بە نازەوە ڕوی تێ کردم
وەکو هەتاو
پێی وتم نا !!!!!!!





## نزای شەو

من بە تەنیا هەنگاو ئەنێم
شەقام لە من تەنیا ترە
من چاوم پڕ لە گریانە
شەقام لە من خەمبار ترە
من بە شوێن دڵما ئەگەڕێم
بۆیە وا ئاوارەم ئەمشەو
دڵێک لە سینەدا نەبێت
ئیتر چاو چۆن ئەچێتە خەو
دڵم لە جێ ی مەدالیایەک
کردە ملی کچێک دوێنێ
وتم بۆ خۆت پیرۆزت بێ

با شەوانە بت لاوێنێ
بە نازەوە لێ ی وەرگرتم
کردی بە هاوڕێ ی دڵی خۆی
پەنجەم بیری قژی ئەکات
ئەمشەو هاتووم بینێرم بۆی
ئێستا ڕەنگە ئەو نوستبێت
لە ڕۆحی من بێ ئاگا بێ
بۆیە دڵم کردە ملی
تا نەهێڵم بە تەنیا بێ
لە باوەشی ئەم شەقامە
منیش ئەنووم بە یادی تۆ
نامەوێ نزای ئەمشەوم
ئازارت دا و بگا بە تۆ





## ئەڵێن جەژنە ! ؟

منماڵەکەم سارد و سڕە
مۆمێک نی یە دایگیرسێنم
تەمەنیشم بە سەر چووە
تا لە بەر پێت بیسوتێنم
من ئاسمانیشم تاریکە
دوو ئەستێرەی تیادا نی یە
خەونەکانم یادیان بە خێر
لەم ژیانە زیندوو نی یە
بێ ناز کەوتووم لە ماڵەوە
تەنیا خەم تاکە هاوڕێمە
نان و خواردنم هەر خەمە

هەر تەنیا ئەو چاوی لێمە
بەم حاڵە ژیانم ئەڕوات
هەموو ڕۆژێک تا ئێوارە
شەوانیش مەستی خەیاڵم
لە ئاسمانی نادیارا
ئەمڕۆ دەنگێ هات بە گوێمدا
ئازاری دام لە ناخەوە
دڵم لە تاوا ئەسوتێ و
ئەتلێمەوە بەو داخەوە
ئەو وشەیەی پێیان وتم
بە تەواوی مەستی کردم
کاتێک وتیان سبەی جەژنە
هەر ئەو ساتە سەد جار مردم
پێ ئەکەنیم بەو وتانە





ئەم ووت سبەی جەژنی چی یە
کە کەس نەیا بڵێ پیرۆز
ئیتر مانای جەژن چی یە
کە من سبەی لەماڵەوە
بە تەنیایی ژین بەرمە سەر
جەژنانەیەکم بۆ نەیات
تا وەک جاران بیکەمە بەر
کە من هاوڕێ یەک شک نەبەم
تا جەژنە پیرۆزەی لێ کەم
کە دایە و بابە نەبینم
تاکو دەستەکانیان ماچکەم
جگە لە خزم و کەس و کار
کە خۆشەویستم لێ دوور بێ
گەر سبەینێ نەڕۆم بۆلای

تا بڵێم جەژنت پیرۆز بێ
دیاری یەکی بچکۆلانەی
بۆ نەبەم لە گەڵ دەستمدا
بۆی باس نەکەم گلەیی دڵ
لە گەڵ ڕاز و مەبەستمدا
کە ئەو سبەی لە ماڵەوە
خەم دایگرێ و بگرێ بۆم
منیش لێرە بە تەنیایی
کەس نەناسم جگە لە خۆم
ئیتر جەژن مانای چی یە
کە من لە غوربەتا بژیم
خۆشی و شادی بە چی ئەچێ
کاتێ کە من لێی بێ بەریم





کە دڵدار و نیشتیمانم
سبەینێ لێ دەر نەکەوێ
ئەو ڕۆژەی کە ناوی جەژنە
با بڕوات من هەر نامەوێ

## ئەبمە دەروێش

بومەتە دەروێشی عەشقت
بە ناوی تۆ دەف لێ ئەدەم
چیرۆکێکی پڕ لە جوانی
لە سینەتا گرێ ئەدەم
بۆ تەریقەت هاتوومە لات
زوو بمدەرێ ئەڕۆمەوە
یان نوشتەیەکم بۆ بکە
لە گەڵ ئەشکم بیخۆمەوە
با نوشتەکە تۆزی پەنجە و
تاڵێ لە قژتی تیادا بێ
هەر هیچ نەبێت لە جیاتی خۆت





با ببنە دیاری و لە لام بێ
ئەو تاڵە پرچە ئەکەمە
جوانترین مەنزەرەی ماڵم
ئەگەر هاتی تا بزانی
چەند بۆت سەر شێت و خەیاڵم
ئیتر هەموو ڕۆژێ دێم و
تاڵێ پرچت ئەبەمەوە
کە رازی بووی بێیتە ماڵم
بە تەوقەیەک لە پرچتی ئەدەمەوە

## سایە

کاتێ هاتی خۆری عەشقت
کردە چرا لە بەر پێما
گوڵم لە یەکەم نیگاوە
ڕۆحم لە ناو چاوتا جێما
زوڵمت لێ کردم ئەزانم
بەڵام هەرگیز نایدرکێنم
چونکە چاوم بە نیازە
ڕۆژێک بێیتەوە بتبینم
خۆت دەستی ئەوینت گرت و
هێنات و کردت بە سایە
وا هەست ئەکەم هەر لە ژێریام





جێی ناهێڵم دڵم نایە
تا چاو لێک ئەنێم چاوەڕێم
کە بێیتەوە بۆ دیداری
بێ باکم گەر هەزار پایز
بە سەر باڵاما داباری

# گریان به دیار ده‌ریاوه

ئه‌ی ناسکترین هه‌ناسه‌م
ئه‌مشه‌و هاتووم
خۆم و ڕووبارێکی بێ ئومێدی
ڕووبارێک
به نرخترین ووشه‌ی خۆشه‌ویستی خنکاندووه
هه‌موو نهێنی یه گریاوه‌کانی
له ناخیدا حه‌شار داوه
خۆ ئه‌زانم
له فرمێسکی سه‌دان عاشقی
وه‌ک من دروست بووه
که‌چی ئێستا تکا ئه‌که‌م





دلۆپێکم بداته‌وه
یان بم کاته هاوڕێ ی خۆی و
دوای ئه‌وه‌ی ئه‌بێته هه‌ڵم
به‌ره‌و وڵات بم باته‌وه
پێ ی وتم
تۆ بۆ کوێ ئه‌ڕۆی! ؟
بـه جانتایـه‌ک خۆزگـه‌ی بـاڵ شـکاو و
وه‌ریوه‌وه
خۆ من ئه‌تبه‌م له گه‌ڵ خۆمدا
به‌ڵام دڵنیام
ئه‌وه‌ی تۆ بۆی ئه‌ڕۆیته‌وه
که کۆچت کرد
ئه‌ویش ئێواره‌یه‌ک
ده‌ستی هه‌ورێکی گرت

له ئاسمانی تۆ ئاوا بوو
سەفەری کرد
تا تێبگا له ئازارەکانی کۆچ
وەک چۆن تۆ بزر بوی له ئەو
ئەو له من و تۆش بزر بوو
زەمانێکه
به ئاسمانەوه دێم و ئەڕۆم
تاکو ئێستا نەم بینیوه
که تۆ جێت هێشت
من له جیَ ی تۆ خۆشم ئەویست
من ئەگریام به دیاری یەوه
دڵنەواییم ئەدایەوه
که ئاوا بوو پیَ ی نه ووتم





دوای سێ وەرز
گوڵەکانی ئەو دەڤەره پێیان ووتم
ئەگەر بۆ لای ئەو هاتویته
گەر ئەڵقەی دەزگیرانیت بۆ هێناوه
ببوره لێره نەماوه
هەورێکی چڵکنی ڕەش
به چەند دێڕیکی سیحراوی
شەوێک له گەڵ خۆیدا بردی
له تاوانا دەستم کرده ملی دەریا
وتم نایەڵم ووشک کەی
ببوره بێزارم کردی

## هەناسە

شیعر ئەکەم بە گۆرانی و
بە ئارامی ئەیبارێنم بە سەرتدا
تریفەی مانگت بۆ ئەهێنم
لە جێ ی کراس
شەوان ئەیکەم بە بەرتدا
هەور لە چاوی خۆمەوە
فێر ئەکەم بگری لە ئاسمان
سروەی (با) هەناسەی ساردم
گێژی ئەدا و ئەیکا بە زریان
دڵم فێری کرد سنەوبەر
هەمیشە جوان و سەوز بێ
ئەوینی تۆ لە دڵمدا





چنار ئاسا
تاکو دێ بالآی بەرز ئەبێ
تا بەیانی بۆت بگرێ
پێنوسەکەم نالّی بەسە
دەسا چی بکەم فریشتەکەم
کە بۆم بویتە بە هەناسە

## تەنیایی

بۆنی عەشقت پڕ بە دونیا
خۆشەویستی دێنێ بۆ لام
تۆ کە خۆت دڵت بۆ ناردم
بۆچی؟ نەتهێشت بمێنێ لام
بێ پرس بۆ لە باڵت دا !!؟؟
بۆچی ئەم هەوارەت چۆڵ کرد
دۆزەخێکت بە من بەخشی
دنیای ئەوینت وێران کرد
دابڕان زامێکی قوڵە
بێ مانایە زۆۆۆر گرانە
ئەوین لای من پڕ لە هەستە





پڕ لە سۆز و لە گریانە
دوێنێ دەستت لە دەستما بوو
پەنجەکانم هەموو مەست بوون
ئەمڕۆ ئەوەندە بێزار بوون
وەکو بیرت بکەن وابوون
چاو و دڵم هەر چاوەڕێن
ئەڵێن ئێستا دێتە ژوان
چۆن بڕوا بە ئەوان بێنم
کوا تێ ئەگەن لە دابڕان
ئەی چی بەو شەقامە بڵێم
کە دوێنێ لە ئامێزیا بوین
ئەی چۆن بەو درەختە بڵێم
کە دوێنێ لە ژێر باڵیا بوین
دڵم تۆ بە کێ بسپێرێت؟؟؟

کە چاوی لێت بێت لە ڕێگا
ئەی کێ بکاتە هاوڕێی خۆی
لە ئازارەکانی بگا
ببورە گەر هاوار بکەم
بۆ کوێ چوویتە ئەی هەناسەم
لە کاتێکدا کە دڵنیام
تەنیایی بۆتە پێناسەم





## سۆزێک بۆ باوک

لەم تەنیایی و غوربەتەدا
ئەمشەو سۆزێک ئەمگرێنێ
لە منداڵێکی زیز ئەچم
چاوم فرمێسک ئەبارێنێ
من لە بیرمە لەوەتەی هەم
دوور لەو سۆزە گەورە بوومە
لە باوەشی ئەم خەمەدا
تەمەنێکە ئاوا بوومە
من بێ بەری بووم لە سۆزت
بابە ئەی گلێنەی چاوم
ئەی تروسکایی ژینی من

من بە یادی تۆ وە ماوم
وەک خەون دێتەوە یادم
کە لە باوەشتا ئەنوستم
چەند ماچت کردووم لە بیرمە
ئەی تاقانە خۆشەویستم
بۆچی وا زوو بە جێت هێشتم
بۆ وا سەر گەردانت کردم
ژیان ئازاری تۆی زۆر دا
دوای تۆش غوربەت بانگی کردم
ئێستا وا دێمە سەر گۆڕت
ئەمەوێت چاوت ماچ بکەم
من گیرۆدەی منداڵی بووم
نەم ئەتوانی
وەکو باوک بانگت بکەم





بابە ئەی چرای ژینی من
ئەی گەورەترین سەرمایەم
ببورە گەر هەموو ڕۆژێک
بۆ سەر گۆڕەکەی تۆ نایەم
هەرچەند چاوی پڕ گریانم
لە دایک و نیشتیمان دوورن
توخوا بابە پێیان بڵێ
لە بچوکی من ببورن
ئەگەر چی تۆ بە یەکجاری
جێت هێشتم و نایەیتەوە
بەڵام هێندە خۆشم ئەوێیت
هەموو شەوێک
بۆ باوەشت ئەمبەیتەوە

## ئەگەر ڕۆیشتی

ئەی ئیلهامی شیعرەکانم
لێم مەڕەنجێ و خۆت زیز مەکە
تۆ هەتاوی ژوورەکەمی
جێم مەهێڵە و تەنیام مەکە
ئەگەر هەر ویستت جێم بێڵی
پێشتر بڵێ نایەمەوە
با گۆرانی یەک حازر کەم
لە دوای کۆچت بیڵێمەوە
بە بێ دەنگی هەنگاو بنێ
ماڵی چۆڵم مەگرێنە





بە سۆزەوە
هەموو گوڵەکان ماچ کە
گەڵاکانیان مەوەرێنە
کارێ مەکە وابزانن
کە ئەڕۆیت و نایەیتەوە
نەکا ماڵ و گوڵەکانم
لە حەسرەتا بتوێتەوە
ئێوارە بۆ خۆم دێمەوە و
شەویش لە گەڵیاندا ئەنووم
ئیتر بۆ خۆیان تێ ئەگەن
کە دوێنێ شەو بۆ تەنیا بووم